عەوادی: هێزی گەورەمان لە ئاگربەستی لوبنان و غەزە گەیاوە



وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، هێزی گەورەمان هەبوو لە ئاگربەست و کۆتای هێنان بە شەڕکانی غەزە و لوبنان، دەشڵێت، "عێراق بەیارییداوە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی غەزە و لوبناندا بکات".

باسم عەوادی، وتەبێژی فەرمی حکومەت لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، عێراق هێزی گەورەی هەبوو لە ئاگربەست و کۆتای هێنان بە شەڕکانی غەزە و لوبنان، هەروەها پرسی فەلەستین لە هەمو گفتوگۆکانی دەرەوەی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران ئامادەبو.
ئاماژەی بەوشکرد، عێراق بەیارییداوە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی غەزە و لوبناندا بکات، پێشتریش یەکێك بوو لە یەکەمین ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ هاوکاری گەیاندوەتە غەزە و کەرتی ڕەڕئاوا.
عەوادی باسی لەوشکرد، سەرۆك وەزیران پێشنیاری پێکهێنانی سندوقێکی عەرەبیە-ئیسلامی کردوە، بۆ ئەوەی هاوکاری بگەیەنن ئەو وڵاتانەی، هەروەها لیژنەیەکی دیاریکراوی عەرەبیە-ئیسلامی پێکبهێندرێت بۆ ئەو مەبەستە و دوبارە ناردنەوەی هاوکاری بگوڕێ بۆ بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕژراو دەستپێبکاتەوە.